سەید حەکیم پێویستی فراوانکردنی گفتوگۆی نیشتمانی و پتەوکردنی لێك تێگەیشتن بە یەکلایی کردنەوەی شایستە سیاسییەکان و سەقامگیری ئابووری دووپات دەکاتەوە

لەمیانەی جووڵە بەردەوامەکانی، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ئاراس حەبیب ئەمینداری گشتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی کرد و لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا، دوای ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم دوایییە ڕوویانداوە.

لەم دیدارە باسی دەسەڵاتی شایستەکانی هەڵبژاردنەکان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار و پێکهێنانی حکومەتی تازە کرا، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە پانتایی زیاتر بە گفتوگۆ بدرێت و لێك تێگەیشتنی نیشتمانی هەبێت بە چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە ئاوڕی گرەنتی سەقامگیری سیاسی بکرێت و بڕیاردەندییەکانی وڵاتیش پارێزراو بێت، سەماحەتی ئاماژەشی کرد کە بڕژەوەندی عێراق و گەلەکەیپێویستە لەپێش هەر شتێکی دیکە بێت و جەختیشی کردەوە کە گرنگە ئیدارەداین ئەو قۆناغە بەووحیەتێکی پڕبەرپرسیارێتی نیشتمانی بێت.

لە دیدارەکە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر واقیعی ئابووری بەخۆوە بینی، کە تێیدا سەید حەکیم داوای وەبەرهێنانی تواناکانی دەوڵەتی بە زیادکردنی داهات و سنووردارکردنی خەرجییەکان و گرتنەبەری دیدێکی ستراتیژی ڕوون بە چارەسەرکردنی قەیرانەکان کرد لەسەر بنەما و پڕگرامی تەکەم.

بەڕێزیان جەختی لەسەر پێویستی چالاککردنی کەرتی بەرهەمهێنان کردەوە لەوانە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و کارکردن بە دووركەوتنەوە لە پشت بەستن بە یەك داهات کە نەوت و پاراستنی ئابووری عێراق لە نرخی کاریگەری هەبێز و دابەزی نرخەکانی نەوت..